تەوەری گوڵان

# بۆ ئەوەی شکستی ڤێتنام لە عێراقدا دووبارە نەبێتەوە

# دەبێ ئەمەریکا سوود لە سەقامگیری کوردستان و لۆژێکی بارزانی وەربگرێت

بۆ هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی ئەم باسە و چۆنییەتی سوودوەرگرتنی لەهەڵەکانی رابردوو، هەنگاو هەڵگرتن بۆ دۆزینەوەی ئاراستە و سیاسەتێکی نوێ و سوود وەرگرتن لە سەقامگیری هەرێمی کوردستان .

گوڵان لەم تەوەرەدا پەیوەندی بەم بەڕێزانەوە کردووە:

١- باڵیۆز مایکل ناڤاک    باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە ژنیڤ و توێژەر لە ئامۆژگای واشنتۆن

٢- لیونیل بیهنار    شرۆڤەوانی سیاسی لەئەنجوومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە.

٣- تۆماس دۆنلی    بەڕێوەبەری گروپی سیاسی لە ئەنجوومەنی نوێنەران(کۆنگریس) و ئەندامی لیژنەی ئابووری ئەمەریکا-چین



تۆماس دۆنلی



لیونیل بیهنار



باڵیۆز مایکل ناڤاک



٤- د. ئەلیزابس فریرسۆن        توێژەر ولێکۆڵەر لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی سینسینانی ئەمەریکی.
٥- د. رۆبەرت کاتلر        ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان زانکۆی کارلیتۆن لەکەنەدا.
٦- د. تۆد بیلک        توژەر و لێکۆڵەر لە بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زانکۆی هاوای ئەمەریکا

گوڵان وێرای ئەوەی سوپاسی هەر یەکەیان دەکات کە هاوکاری ئەم تەوەرەیان کردووە، لە هەمانکاتدا خوێنەرانیش ئاگادار دەکاتەوە کە لە روانگەی کاری پرۆفیشناڵ وستاندەری جۆرناڵەوە سەرجەم بۆچوونەکانیان بڵاو دەکاتەوە و مەرج نییە گوڵان لەگەڵ هەموو بۆچوونەکان یەک بگرێتەوە.



د. ئەلیزابس فریرسۆن



د. رۆبەرت کاتلر



د. تۆد بیلک





ئەگەر بە پشت بەستن بە باکگراوندە مێژووییەکان سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان هەڵبسەنگێنین، ئەوا کێرڤی شکست لە کێرڤی سەرکەوتن زۆر بالاترە، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە ئەمەریکا لە هیچ شوێنیکی جیهان سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، بە پێچەوانەوە لەبەرامبەر شکستەکانی ئەمەریکا لە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوەکاندا «nation buiding» چەندین سەرکەوتنی گەورەشی هەیە کەدەکرێت وەک نموونە ئاماژە بە « ژاپۆن و ئەڵمانیا و تایوان و کۆریای باشور» بکەین کە ئێستا لە نێو ئەم چوار ناوچەیەدا تەنیا ئەڵمانیایە دەکەوێتە سنووری جوگرافیای ئەوروپای رۆژهەڵات، سیانەکەی دیکە کە سێ ناوچەی ئاسیاین، لە ڕیزبەندی دەوڵەتانی پیشەسازی و دەوڵەمەند و دەسپێکی سیستەمێکی دیموکراسی لیبرالیدان، لەوانەیە شکستی ئەمەریکا لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا هێندەی پەیوەندی بە ئایدۆلۆژیا و تایبەتمەندی ئەو ناوچانەوە هەیە سەبارەت بەدیدوبۆچوونی ئەوگەلانە سەبارەت بە دەوڵەت و سیستەمی دیموکراسی، لە هەمانکاتدا هێندەش پەیوەندی بەو هەڵە و کەمو کورتیانەوە هەیە، کە ئەمەریکا لەمیانەی پیادەکردنی سیاسەتی خۆیدا ڕەش وسپی لێک جیاناکەتەوە، کە ئەم بارودۆخەی ئێستای عێراق نموونەیەکی زیندوی ئەو سیاسەتە هەڵانەی ئەمەریکایە.

لەم چوارچێوەیەدا پێویستە بڕیارسازانی ئەمەریکا لەو هەقیقەتە غافل نەبن، ئەو شێوازەی لە کۆماری کۆریای باشوور سەرکەوتنی بەدەستهێناوە دەبێ لە کۆماری کۆریای باکووریش هەمان سەرکەوتن بەدەست بێنێت، نموونەی کۆریا لە هەموو نموونەکانی دیکە بۆ سیاسەتی ئەمەریکا بەرچاوترە، ئەوەش لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- هەردوو کۆماری کۆریای باکوور و باشوور یەک وڵات بوون وهیچ بەربەستێکی سروشتی لێکیان جیاناکەنەوە، ئەوەی کۆریا دەکاتە دووبەش هێڵی وەهمی «٣٨» و ئەو پەرژینە سیمەیە کە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەیە بۆتە سنوور و هێڵی سوور.

٢- گەلی کۆریا یەک گەلن و خاوەنی یەک کەلتوور و یەک مێژوو، یەک زمانن، بەڵام زاڵبوونی ئایدۆلۆژییەتی کۆمۆنیستی لە ماوەی زیاتر لە«٥٠» ساڵی رابردوو، دیدێکی جیاوازی لای کۆرییەکانی باکوور بەرامبەر دەوڵەت و سیستەمی دیموکراسی دروستکردووە.

٣- هەندێک لەو راوێژکار و پسپۆرانەی، نەخشەی ڕێگایان راسپاردە دەدەنە کۆشکی سپی بۆ سەرکەوتنی لە عێراقدا، ئاماژە بەوە دەکەن عێراق نابێ دابەشبکرێت لەبەر ئەوەی ناوچەکانی تێکەڵاوە، بەڵام ئەوەیان لەبیر خۆیان بردۆتەوە، کە نەک هەر کۆریا، بەڵکو دەوڵەتانی عەرەبی کە ژمارەیان«٢٣» دەوڵەتە و، وەک عەرەبەکان خۆیان ئاماژەی پێدەکەن هەموویان لە خێزانێکی گەورەدا کۆدەبنەوە کە ئەویش نەتەوەی عەرەبە.

٤- دەبێ ئەمەریکا ئەو ڕاستیەی لەبەر چاوبێت، بۆچی جیهان لە ئەزموونی تایوان و کۆریا پشتگیری لێدەکەن و لە عێراقدا دژی ڕادەوەستن؟

ئەمە لە کاتێکدا کێشەی تایوان لەگەڵ دەوڵەتێکی وەک چینە کە ژمارەی دانیشتوانی زیاد لە ملیار و نیوێکەو لە ڕووی پێگەو شکۆی نێودەوڵەتیشەوە چین یەکێکە لە پێنج ئەندامە هەمیشەیەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش و تائێستاش خاوەنی مافی ڤیتۆیە لە هەموو بڕیارە نیودەوڵەتیەکاندا.

بەڵام لەبەر ئەوەی تایوان نموونەیەکی سەرکەوتووە، هەروەها زامنی پاراستنی کراوە دژی هەر دەستێوەردان یان هێرشێک کە لە لایەن چینەوە بکرێتە سەری، ئەوا رۆژ لە دوای رۆژ نەک هەر گەشەسەندنی ئابووری و سەروەری یاسا و هەنگاو هەڵگرتن بەرەو دیموکراسی لە گەشەسەندندایە، بەڵکو ئێستا چین ناچار بووە لە ڕووی ئابوورییەوە لاسایی تایوان بکاتەوە و ئێستا خەریکە کالای چینی تەنگ بە بازاڕی ئەوروپا و ئەمەریکا لە زۆر ناوچەی جیهاندا هەڵبچنێ.

٥- ئەمەریکا لە ئەزموونی بونیادنەری ژاپۆن و ئەڵمانیا زۆر بەهەستیاری هەنگاوی هەڵگرت، پسپۆران ئەم هەستیاری و ووردیبنیەی سیاسەتی ئەمەریکا لە دوو ناوچەی جیهان، دەگەڕێتەوە بۆ ململانێ وهەژموونی بالادەستی نێوان یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و ئەمەریکا، ئەو کات ئەمەریکا بەو جۆرە بیری دەکردەوە کە پێویستە مۆدێلێکی تازەی ئازادی و دیموکراسی لەو دوو وڵاتەدا پیادەبکات، ئامانجی لەم هەنگاوەشی بریتی بوو لە:

١- بۆ ئەوەی ژاپۆن و ئەڵمانیا کە دوو دەوڵەتی دوای شەڕ بوون، نەهەماتی و کارەساتی شەڕەکەیان بیر بچێتەوە.

٢- بۆ ئەوەی ببنە دوو نموونە لە بەرامبەر ئەزموونی دەوڵەتانی سۆشیالیستی شێوازێک بۆ سیستەمی خۆشگوزەرانی و سەروەری یاسا لە جیهاندا.

بۆ ئەمەش پلانێکی بە هاوشێوەی پلانی مارشاڵی دارِشت بۆ ئەوەی هاریکار بێت لە بوونیادنانەوەی ئەو دوو وڵاتەدا.

**شکستی ئەمەریکا لە بەڵکان**

دوای ڕووخانی و لەبەر یەک هەڵوەشانەوەی بلوکی سوشیالیستی، ئەمەریکا پێی وابوو بۆ سەرکردایەتیکردنی جیهان هیچ ئاستەنگ و گیروگرفتێکی لەبەردەمدا نییە، ئەمەریکا بەو جۆرە سەیری دەوڵەتانی پشووی سەر بە بلوکی سوشیالیستی دەکرد، هێندە لە رژێمەکانی سۆشیالیستی بێزاربوون، ئیدی ئەمەریکا هەر چۆنێک ڕەفتاربکات، گەلانی ئەو ناوچانە پێشوازیان لێدەکات، بڕیار سازانی ئەمەریکی لەوە غافڵ بوون، کە گەلانی ئەوروپای رۆژهەڵات لە دژی زوڵم و زۆرداری و ناعەدالەتی رژێمی پێشوویان قبووڵ نییەو، ئەگەر رژێمێک بە ئاستی خواست و داواکارییەکانیان نەبێ پێیان قبوڵ ناکرێت، بەڵام ئەم هەقیقەتە لای ئەمەریکیەکان بە تێکدانی بارودۆخی ئاسایشی جیهان لێکدەدرایەوە و هەوڵدەدرا ئەو چوارچێوە کۆنەی بەپێی بەرژەوەندی شەڕی سارد سنووری بۆکێشراوە بە هەمان شێوە بیهێڵینەوە، ئەمەش وایکرد کە شەڕێکی خوێناوی پاکتاوی رەگەزی ئەوتۆ لەو وڵاتانە روو بدات کە پاشتر جیابوونەوە و دابەشکردنیان بووە ئەمری واقیع.

راستە دابەشکردنی یوگسلاڤیای پێشوو، پێویستی بە بڕیارێکی بوێرانە هەبوو، بەڵام دواخستنی ئەوبڕیارەش ئەو شەڕە پاکتاوییە رەگەزییەی بەدواداهات کە لەدوای شەڕی جیهانی دووەمەوە نەبینرابوو، بەڵام ئاکامی دابەشکردن و جیابوونەوەکە، کەلتوورێکی نوێی لە ئەوروپای رۆژهەڵات بەگشتی و لە ئەقلیەتی سربەکانی یوگسلاڤیا دروستکرد، کە ئێستا بە شێوازی ئاشتیانە پشگیری سەربەخۆی موتنیگرۆ و ئامادەن بە شێوەیەکی ئاشتیانە مامەڵە لەگەڵ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کۆسۆڤۆشدا بکەن.

لەسەر ئاستی ئیقلیمی و، دەوڵەتانی دەوروبەری یوگسلاڤیای پێشوو، ئەوە هەبوو، ئەمجارەش یوگسلاڤیا بێتەوە بەسەرچاوە و هۆکاری جەنگی جیهانی سێیەم، بەڵام ئەم دابەشکردنە نەک هەر نەبووە هۆکاری ئاژاوە و پشێوی زیاتر بەڵکو بووە فاکتەری سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکەداو، سەربەخۆی ئەلبانەکان و کۆسۆڤۆش هیچ رەنگدانەوەیەکی مەترسیداری لەسەر ئەلبانەکانی مەکدۆنیا نییە.

خۆ ئەگەر هەر لە سەرەتاوە ئەمەریکا بە پێی خواست و، ویستی گەلانی ناوچەکە



مامەڵەی لەگەڵ کێشەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات بەگشتی و یۆگسلافیای پێشوو بکردایە، ئەوا نە ئەو هەموو جینوساید و کۆکوژییە روویدەدا، نە جیهانیش پێویستی بەوە دەبوو دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ تاوانبارانی جەنگ لە یوگسلافیا دابمەزرێنێ.

**دووبارە بوونەوەی هەڵەکانی ئەمەریکا بەلکان لە عێراق و ئەفغانستاندا**

دوای کارەساتی «١١»ی سێپتەمبەر و کۆدەنگی جیهان لەسەر بڕیاری«١٣٧٣»ی بۆ دژایەتیکردنی تیرۆر، ئەمەریکا لەبری ئەوەی ئەم کۆ دەنگیەی جیهان بقۆزێتەوە بۆ سەرکردایەتییەکی حەکیمانە لە جیهاندا، بەڵام لەیەکەم کاردانەوەدا سەرۆک بوش ڕایگەیاند« ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت دوژمنانە» ، ئەم قسەیەی بوش هەڵوەستەیەکی بەجیهان بە گشتی و بە جیهانی عەرەبی وئیسلامی بەتایبەتی کرد، هەربۆیە ڕۆژ لە دوای رۆژ لەبری ئەوەی کۆدەنگی جیهان سەبارەت بە شەڕی دژەتیرۆر لە زیادبووندابێت، بە پێچەوانەوە هاوپەیمانی شەڕی دژە تیرۆر هێندە لاوازبوو کە دواتر داوا دەکرا لەسەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پێناسەی «تیرۆر» دابنرێت، ئەمەش بەو مانایە هاتەکایەوە، مەرج نییە ئەوەی لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکا یەکنەگرێتەوە بە بەرەی تیرۆریستان لە قەڵەم بدرێت.

سووربوونی ئەمەریکا لەسەر ئەم هەڵوێستە و سەرنەکەوتنی وەک پێویستی هاوپەیمانان لە شەڕی ئەفغانستاندا، بووە هۆکاری ئەوەی شەڕی عێراق سەختر و ئاڵۆزتر بێت.

تەنانەت لە شەڕی عێراقدا ئەمەریکا بەڕادەیەک گۆشەگیربوو کە هاودەنگی و شەرعیەتی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی عێراق لەدەستدا.

لەسەر ئاستی عێراق دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن دیسان ئەم دیدە گشتگیرییەی ئەمەریکا بۆ گەلانی عێراق ئەمەریکای رووبەڕووی ئەم واقیعە کردەوە کە ئێستا تێیکەوتووە، تەنانەت هیچ جیاوازیەکی لە نێوان هاوپەیمانی گەلی کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراق نەکردووە، خۆ ئەگەر پێداگرتن و سووربوونی سەرۆک بارزانی نەبوایە لەسەر مانەوەی هێزی پێشمەرگەی کورستان، ئەمەریکا بەنیازبوو هێزی پێشمەرگە، ئەو هێزە نیزامییەی پێش شەڕی عێراق دووهەمین هاوپەیمانی گەورەی ئەمەریکابووە، بە هاوشێوەی ملیشیاکانی بەدر و مەهدی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

**کوردستانێکی غەدر لێکراو لە میدیاکانی ئەمەریکا**

ئێستا عێراق گەورەترین سەرچاوەی هەواڵە بۆ سەرجەم ماس میدیای جیهانی بەگشتی و میدیای ئەمەریکی بەتایبەتی، ئەمە لە کاتێکدا رۆژانە گوشار دەخرێتە سەر گەل وسەرکردایەتی کورستان بۆ ئەوەی بەوە رازی بێ بەشێک بن لە عێراق، بەڵام دەبینن بە ئاستی ئەو گوشار و جەختکردنەوەیە کوردستان بەشێک نییە لە هەواڵەکانی عێراق، بەداخەوە ئێستاش وەک رۆژە سەختەکانی شۆڕشی کوردستان، دەبێ لە مانگێکدا چاو بگێڕین بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسێک هەواڵێکی واقیعی لەسەر کوردستان بڵاو بکاتەوە، ئەوەی کە لە ماسی میدیای جیهانی و ئەقلیمی و ئەمەریکیدا بەرچاومان دەکەوێت، زۆربەیان بەدژی ئەو واقیعە دەنووسرێن کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، تەنانەت لەسەر ئاستی واشنتۆن پۆست و نیویورک تایمز و لوس ئەنجلوس تایمز و...هتد، هێندەی باسی شەڕێکی شاراوە و نزیک لەسەر مەسەلەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی هەرێمی کورستان بڵاو دەکرێتەوە هێندە باسی ئەوە ناکرێت ئەم هەرێمە سەقامگیر وئارامە ئێستا سەرقاڵی بونیادنانەوە و دامەزاندنی سیستەمێکی دیموکراسی ئەوتۆیە کە لەسەر بنەمای ئابووری و بازاڕی ئازاد خۆی رێکدەخاتەوە.

ئەم حاڵەتە لەناو لێدوانەکانی سەرۆک بوش وبەرپرسانی ئیدارەی ئەمەریکیشدا رەنگدانەوەیەکی بەرچاوە، خۆ ئەگەر ئامارێک بۆ ساڵێکی لێدوانە رادیۆییە هەفتانەکانی سەرۆک بوش بکەینەوە، کە لە هەموو وتارێکی هەفتانەیدا عێراق بەشێکی سەرەکییەتی، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کوردستان چەند غەدری لێکراوە.

لەوانەیە تا ئێستا ئیدارەی ئەمەریکی ئەم حاڵەتەیان لەبەر رۆشنایی چەند بۆچوونێکی هەڵەیان بۆچوونی بە ئەنقەستی ناحەزانی کوردستان شرۆڤە کردبێت، بەڵام ئەم بۆچوونە هەڵانە، هەمان ئەو بۆچوونانەن کەسیاسەتی ئەمەریکایان لە عێراقدا بەو ئاراستەیە برد، بێدەنگی سەرکرایەتی سیاسی کوردستان وگەلی کوردستان لەسەر ئەم مەسەلەیە و لەبەرچاو نەگرتنی کەشوهەوای سەقامگیر و ئارمی کوردستان و تێکەڵکردنەوەی لەگەڵ رەوشی نائارامی سەرتاسەری عێراقدا لەوانەیە تاسەر جێگەی قبوڵکردن نەبێت، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسەتی ئەمەریکاش لە عێراقدا دەبێ ئیدارەی بوش بزانێت کە:

١- ئەگەر بارودۆخی سەقامگیر و بەرەوپێشەوەچوونی دیموکراسی وگەشەسەندنی ئابووری کوردستان وەک پێویست رەنگدانەوەی لەسەر رای گشتی ئەمەریکا هەبوایە، ئەوا رۆژ لەدوای رۆژ پشتگیری رای گشتی ئەمەریکا لە سیاسەتی سەرۆک بوش لە عێراقدا کەم نەدەبووەوەکە ئێستا ٣٠٪ گەلی ئەمەریکا پشتگیری سیاسەتی بوش لە عێراقدا دەکەن.

٢- ئەوانەی دەیانەوێت واقیعی هەرێمی کوردستان و سیاسەتی حەکیمانەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لە میدیاکانی ئەمەریکادا بشارنەوە، ئەوانەن کە دژی سیاسەتی ئێستای ئەمەریکان لە عێراقدا و دەخوازن ئەم سیاسەتە فەشەل بێنێ، ئەوجا ئیدارەی بوش بیەوێت یان نەیەوێت شاردنەوەی واقیعی هەرێمی کوردستان نیشانەی ئەوەیە بەرەی دژ لە بەرەی پشتگیری لە سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا لە عێراقدا بەهێزترە.

٣-ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا دەبێ بە بایەخەوە سەرنج لە لێدوانەکانی دیموکراتییەکان بدات، ئێستا ئەوان کە لە کۆنگریس زۆرینەن واقعی هەرێمی کوردستان دەبینن و ئەم واقیعەش لە هەڵبژاردنی داهاتوو وەک کارتێک بۆ چارەسەری بارودۆخی عێراق بەکار دەهێنن، خۆ لە خۆڕا نییە خانم هیلاری کلیتۆن بەڵێنی دەدا هەرێمی کوردستان بپارێزێت.

٤- بۆ ئەوەی ئیدارەی بوش بتوانێت، ئەم کارتە لەدەستی دیموکراتەکانی دەربهێنێت، دەبێ هەر لە ئێستاوە هەوڵبدات هەرێمی کوردستان بکاتە وێستگەی یەکەمی سەرکەوتن لە عێراقدا، بۆ ئەمەش دەبێ سوود لە ئەزموونی سیاسەت وستراتیژیەتی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان وەربگرێت، بەوەی تەنیا شوێنێک لە عێراقدا لە هەموو ناوچەکانی دیکە خاوەنی پێکهاتەی تێکەڵاو و فرەنگ بێت، ئەو هەرێمەیە کە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات و هەر ئەم ئەزموون و ستراتیژەیەش عێراق بەرەو کەناری سەقامگیری و ئارامی دەبات.

بە پێچەوانەوە ئەگەر سوود لە سەقامگیری هەرێمی کوردستان و لوژێکی سەرۆکی کوردستان وەرنەگرن، ئەوا بە پێچەوانەی سروشتی ئەمەریکییەکان کە لەکاتی شەڕدا پشگیری سەرۆکەکەیان دەکەن، ئەمجارەیان پشگیری ناکەن، چۆن لە قۆناغی یەکەمدا کۆنگرێسیان لەدەستدا، دەبێ چاوەڕێ بن کۆشکی سپیش بەجێ بهێڵن.